ورشەی بیر

محەمەد هەریری – لەندەن



## دووبارە کردنەوەی ڕۆڵی تەها محی الدین معروف لە بەغدا!

زۆر جاران کە چاودەدەینە ئەدای سەرۆک وبەرپرس و وەزیرە کوردەکان ئەو دەربڕینە توراسیەی (الف لیلە ولیلە)م بیردێتەوە، کە سەبارەت بە چونە ناو ئەشکەوتێک دەڵێت: (الداخل الیها مفقود والخارج منها مولود) (ئەوەی بچێتە ناوی ون دەبێت وئەوەشی هاتە دەرەوە تازە لە دایک دەبێت) سەرۆک وبەرپرسەکانی ئێمەش هەر لەو بەغدایەی هەزار ویەک شەوەدا هێندە بڕوایان بەو خورافاتە پتەوە، بۆیە هەر قاچیان خستە بەغدا ون دەبن. لە هەمووی ناخۆشتر ئەو بارە دیاردەیەکی کارتۆنیمان بەبیر دێنێتەوە، ئەویش دیاردەی (تەها محی الدین معروف) ە، ئەو پیاوە زل وقەبەیەی کە گوایە جێگری سەرۆک کۆمار (صدام) بوو، کەچی هەموو عێراق بەتاسەی بیستنی دەنگی بوون ودەتگوت پەیکەری ئەبو هۆلە ڕۆژێک دەمی نەکردەوە.

بەڵام ئەگەر ئەو (تەها محی الدین معروف) ە لەلایەن بەهێزترین دکتاتۆر دەست بەسەر بو بێت وناچاری بینینی ئەو ڕۆڵە کرابێت، بۆ دەبێت بەرپرسەکانی ئێستای بەغدامان هەمان ڕۆڵ ببینن!!!، بۆ دەبێت هەمان تەنازولات وخۆ بچوک کردنەوە بکەن، بۆ دەبێت لەسەردەمێک کە چەمکی نەتەوەی برا بچوک وبرا گەورەیی بەرەو نەمان دەچێت ئەوان بێن و بەزۆری کورد بکەنە برای بچوک بۆ زربراکان؟!

لەوانەیە ئەو بەرپرسانە خەڵکی تر تاوانبار کەن بە سەرەڕۆیی نەتەوایەتی، ڕاستە نەتەوە پەرستی واهەن بە هیچ ڕازی نەبن کەمتر لە سەربەخۆیی بەبێ گوێدانە هەل ومەرجە خودی وبابەتیەکان، بەڵام ئەدای بەرپرسانی کورد لە بەغدا هەموو کوردێک ڕادەتەکێنێ هەتا ئەوەی تۆزقاڵێک گیانی کوردایەتی هەبێت.

باسی سەرۆک کۆماری عێراقی عەیار ٢١ ناکەین، چونکە پێشتر باسمان کردووە. بابڕوانینە ئەدای وەزیری دەرەوەی عێراق، ئەو پیاوە تا پێش بوونە وەزیر ، سیاسی ورۆشنبیرێکی کورد بوو خەڵکێکی زۆر هیوای پێبوو کە لە هەر سەنگەرێک بێت بۆ کورد چۆڵی ناکات، بەڵام داخی گرانمان لە ڕووی شکلی وناوەرۆکیەوە هەنگاو بەرەو دیاردەی (تەها محی الدین معروف) دەنێت، لەگەڵ یەک جیاوازی کە وەزیری بەڕێز لەو زیاتر قسە دەکات، بەڵام قسەکانی زیاتر دەرسی (سەقافە قەومیە) ی سەپێنراومان بیردەهێنێتەوە.

نمونەیەکی تر سەرۆک ئەرکانی سوپای عێراقە، ئەو پیاوە هەندە غەریبۆکە ونەرم ونیانە لەبەرامبەر تەهمیش کردنی ولە سفرڕدانی تا ڕادەی ئەوەی کە ئاگاداری جموجۆڵی سوپاکەشی نییە، کەچی ئەو بزەیە فەقیرانەیە هەرگیز لە لێوی جیانابێتەوە. بوونی ئەو پیاوە لەوێ ئەگەر زیانیشی نەبێت دەبێت سودی چی بێت؟!

هەتا ڕۆشنبیرێکی وەک دکتۆر بەرهەم ساڵح خەریک بوو لە بەغدا دووچاری هەمان چارەنوس بێت، بەڵام زوو فریای خۆی کەوت و بەو ڕەخنانەی کە ئاڕاستەی نوری مالیکی کردن هاوسەنگی خۆی پاراست، ئینجا ئەو پیاوە بە توانایەیان هێنایەوە کوردستان گوایە دەبێتە سەرۆک وەزیری کوردستان!، کەچی کورد وەک جاڵجاڵۆکەی نێر بێچوەکانی خۆی دەخوات وئەو پیاوەیان هێندە بچوک کردۆتەوە لە دەڤەری پارتی توانای بەقەد توانای ڕەحمەتی (تەها محی الدین معروف) لێکراوە!، بەڵام دیسان لەگەڵ جیاوازیەک ئەویش ئەوەیە دکتۆر بەرهەم ساڵح زیاتر قسە دەکات بەڵام قسەکان هەرگیز نایەنە بواری جێبەجێ کردن. ئەو سوکایەتیەی بەو پیاوە بەڕێزە دەکرێت سوکایەتیە بە هەموو دەنگدەرانی کورد، کە دەنگیان بۆ دوو حزبە گەورەکە داوەو ئەگەر ویستی باڵای لەدواوە نەبێت هیچ مەردێک ناوێرێ پێنج جار لە یەک کاتدا کارەبا بەسەر سەرۆک وەزیرانی کوردستان بکوژێنێتەوە، یان بەو جۆرە ئیهمالیەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکرێت. خەمی ئێمە بۆ کەسی دکتۆر بەرهەم ساڵح نییە، بەڵکو بۆ ئەو عەقڵیەتانەیە کە نایانەوێت لە جوغزی تەسکی حزبیەت ودەستەگەری دەرکەون وببنە نەتەوەیی. نابینن هەتا سەفەرێکی گرنگی دەرەوەی وەک سەفەری ئەمریکا چۆن کرایە ئاهەنگی چاخواردنەوەی عائیلی!!!.

hariri66@yahoo. com

## بورهان ئەحمەد :
# جارێکی تر پارتی ناتوانێت هەڵەکانی٢٠٠٥ی بادینان دووبارە بکاتەوە



**لە وڵاتێکدا کەهێشتا وەک پێویست دیمکراسیەت ڕەگی بەناخی تاکەکانی کۆمەڵگایەک دانەکوتابێ، سستەمی هەڵبژاردن کە بەباشترین میکانیزم هەژمار دەکرێ بۆ حوکمڕانی بەجێگای چارەسەرکردنی کێشەکان، خۆدی ئەم پرۆسەیە دەبێتە مایەی پشێو و بەدبەختی ئەم کۆمەڵگایە، لە دیمانەیەکی رۆژنامەی ستاندەردا بورهان احمد ئەندامی سەرکردایەتی و بەرپرسی مەڵبەندی چەمچەماڵی یەکگرتوو، تیشک دەخاتە سەر بارودۆخی ئێستای کوردستان و ڕووداوەکانی ٢٠٠٥ی بادینان و پێگەی کورد لە پەرلەمانی داهاتووی بەغدا.**

***دیمانە: ئەحمەد ئەمیر***

**ستاندەر: لەم هەڵبژاردنە پێشبینیت چییە بۆ مەسەلەی پێگە کورد لە پەرلەمانی داهاتووی عێراق؟**

بورهان احمد: ئاشکرایە ئەم هەڵبژاردنە بە شێوەی بازنەییە و هەر پارێزگایەک ڕێژەی کورسیەکانی بۆ دیاریکراوە، دەمێنێتەوە ئەوەی ئاخۆ کورد لە موصل و کەرکوک تاچەند دەتوانێ کورسی بەدەست بێنێ.بەڵام بەپێی ئەوەی کە بۆئەم خولە کورسیەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق زیاد کراوە و بەشی پارێزگاکانی هەرێمش بەغەدرەوە دەست نیشان کرا، لەبەر ئەوە پێم وایە پێگەی کورد لەم هەڵبژاردنە وەک رابردوو نابێ و دائەبەزێ.

**ستاندەر: پێت وایە یەکگرتوو بتوانێت پارێزگاری لە کورسیەکانی خۆی بکات؟**

بورهان احمد: بەحوکمی ئەوەی ئەم هەڵبژاردنە نیمچە کراوەیە، یەکگرتووش کۆمەڵێک پاڵێوراوی بەهێزی هەیەلە هەمووپارێزگاکاندا، وائەزانم کە بتوانێ ڕێژەیەکی باشتر کورسی بە دەست بێنێ، دیارە لە هەڵبژاردنیش هیچ ئەگەرێک چاوەڕوان نەکراو نییە.

**ستاندەر: ئەزمونی٢٠٠٥ی خۆتان چۆن ئەبینی؟**

بورهان احمد: یەکگرتوو لە ٢٠٠٥دەست پێشخەریکرد لە دروستکردنی لیستی سەربەخۆ، کە ئەوکات هەموو هێزە کوردیەکان بەیەک لیست دابەزیبوون و، تەنها ئێمە خاوەن لیستی حیاواز بووین،وەک هەموو لایەکیش بینیمان ئەوکات چەندین تۆمەتی جۆراو جۆرمان بۆ دروست کرا، دواتریش لەژێری پاساوی شاڵاوی خەڵک، هێرشکرایە سەر بارەگاکانمان و شەهید وبریندای لێکەوتەوە، بەڵام سوپاس بو خوا توانیمان بەردەوام بین و بەهیچ شێوەک لە هەڵوێستی جێگیری خۆمان پاشگەز نەبینەوە،ئەمەش هەنگاوێکی دەسپێشخەری بوو بۆ هێنانە ئارای زەمینەی هاتنە کایەی ئۆپۆزسیۆن .

**ستاندەر: جارێکی تر چاوەڕوانی دووبارە بوونەوەی هەمان بارو دۆخ ناکەن؟**

بورهان احمد: پێموایە پارتی پەشیمانن لەو کارەی کردویانە،ئینجا ئێستا بارودۆخەکە زۆر گۆڕاوەو پارتی ناتوانێت ئەوەی لە٢٠٠٥ئەنجامیدا جارێکی تر دووبارەی بکاتەوە، هەرچەند لە٧/٢٥خە ریکبوو ئەم حاڵەتە دووبارە بێتەوە،ئەوەبوو کە هێرشکرایە سەر بارەگای مەکتەبی سیاسی و کەناڵی ئاسمانی و ناخۆییمان لە هەولێری پایتەخت،ئەمیش هەر بە بیانووی بەرزەفت نەبوونی خەڵک ئەنجام درا،بەداخەوە چۆن دەکرێ حزبێکی باڵادەست نەتوانێ کۆنترۆڵی ئەندامانی خۆی بکات،ئینجا بەشداربوانی هەردوو حاڵەتەکەی ٢٠٠٥ و ٧/٢٥ خەڵکانێکی ناسراو بوون، ئەوە نەبوو کە کەس نەزانێ کێن؟ بەڵام وەک پێویست لێپێچینەوەیان لێنەکراوە.

**ستاندەر:ئایا بەدواداچوون لە سەر ئەم کەسانە کراوە وئەنجامدەران بە بەڵگەوە ناسراون؟ یان هەر خۆتان بەخۆرایی کەسانێک تۆمەتباردەکەن؟**

بورهان احمد: بەڵی ئەوکەسانە ناسراون کێن، بەڵام جێگای داخە تائیستا ئەنجامدەرانی ڕوودواکەی بادینان نەهاتوونەتە بەردەم دادگا، تەنانەت لێکۆڵینەوەشیان لەگەڵدا نەکراوە، لەمەش خراپتر ئەوەیە هەندێکیان یارمەتی دراون بۆ دەربازبوون و دەرچوون لە وڵات، بۆیە ئێستا کەسانێک لەوانە لە دەرەوەی وڵاتن.

**ستاندەر: ئێستا کورد بەچوار لیست بەشداری لە هەڵبژاردن دەکات، کەچی کەس تۆمەتبار ناکرێ بە خیانەت و ناپاکی و دەستی ئەم و ئەو ئەمانە چۆن ئەبینی؟**

بورهان احمد: یەکگرتووی ئیسلامی بۆ هەموو لایەک ئەوەی سەلماند کە فرەلیستی بۆ کورد باشترە نەک کۆبوونەوە لە چوارچێوەی یەک لیست،هەڵوێستەکانیشمان لە پەرلەمانی عێراق بۆ هەموو کەس دیارن و هەموو گومانەکانیان رەواندەوە، دیارە ئێمە نەک سازشمان لەمافەکانی کورد نەکردوە ، بەڵکو توانیومانە لە هەندێک پرسی زۆر هەستیار کە هاوپەیمانی کوردستان سازشیان لە سەرکردوە، ئێمە قبوڵمان نەکردوە و بەروونی هەڵوێستی خۆشمان بە هەموو لایەک ڕاگەیاندوە، لە ماوەی چوار ساڵی رابردوو لیستی یەکگرتوو بە فەزلی خواوە توانیویەتی داکوکی کارێکی باشبێت و وەک پارێزەرێکی کورد بێت لە بەغدا. پەرلەمانتارانی فراکسیۆنەکەمان شان بەشانی هاوپەیمانی کوردستانی و بگرە زیاتریش داکۆکیان لە خەڵکی کوردستان کردوە،گەرچی کوتلەکەشمان بچوک بووە، بەڵام وەک دەڵێن زۆر جار چۆنایەتی رۆڵ دەبینێ نەک چەندایەتی،بۆیە سوپاس بۆخوا توانیویانە بەم قەبارە بچوکیەی خۆیان کە تەنها پێنج کەسن بەڵام کوتلەیەکی دیاربن و، ببنە جێگای گرینگی پێدانی دەزگا ڕاگەیاندنەکانی ناوخۆیی و دەرەوە،جگە لە هەموو ئەوانەش ئەم کوتلەیە لە هیچ مەسەلەیەکی گرنگ بێ دەنگ نەبووە و بەردەوام قسەی خۆیان بووە.

## ئەندامێکی سەرکردایەتی کۆمەڵ:
# ئەگەر خانەنشینی بەپلەی (مدیرعام) گەندەڵی بێت نامانەوێت

***بەدواداچوون: ستاندەر***

لە گوژمەیەکی تری گەندەڵییەکانی هەردوو حزبی دەسەڵات بەم دواییانە لە بەرامبەر ١٥٠٠٠ کەسی خۆیان کە بە پلەی بەڕێوەبەری گشتیو پلەباڵاکان خانەنشینیان کردوون، ڕێژەیەکی کەمیشیان بۆ کۆمەڵی ئیسلامی داناوە، بە پێی هەواڵێکی تایبەتیش کە دەست ستاندەر کەوتووە هەر یەک لە یەکگرتووی ئیسلامیو گۆڕان ڕەتیان کردۆتەوە کە بەشداری ئەم گەندەڵیە بکەن.

ئەندامێکی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی ڕایدەگەیەنێت ئەگەر بەخشینی ئەم پلەیە شتێکی نایاسایی بێت ئەوا لە ئێستاوە کۆمەڵی ئیسلامی ئامادەیە ئەو ١٢٠ کەسەی بۆ خانەننشین کراون ڕەد بکاتەوە.

کەمال حەسەن ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان، لە لیدوانێکی تایبەت بە ستاندەردا ئاشکرایکرد کە هەر یەک لە ئەمیرو پێشەوای کۆمەڵی ئیسلامی بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی خانەنشینکراون.

ئەو بەرپرسەی کۆمەڵ لە وەڵامی ئەوەشدا کە سەرکردەکانی حزبی شیوعی و لایەنی تر بە پلەی وەزیر خانەنشینکراون بەڵام ئەوانەی ئێوە بە بەڕێوەبەری گشتی، ڕایگەیاند "ئەوەش زوڵمێکیتر لە کۆمەڵی ئیسلامی کراوە، هەموو لایەکیش دەزانین کە کۆمەڵی ئیسلامی سەنگو قورسایيو کاریگەری خۆی هەیە لە گۆڕەپانەکەدا، دووبارەشی دەکەمەوە سەبارەت بەوەی کە ئێمە کارێکی نایاساییمان کردبێت، ئەوا قەناعەتم وایە هەموومان بە تایبەت دوو سەرکردە بەڕێزەکەمان (جەنابی مامۆستا شێخ موحەمەد بەزنجیو جەنابی مامۆستا عەلی باپیر) کە هەمیشە دژی گەندەڵی وەستاونەتەوە بە دڵنیاییەوە ڕەدی ئەکەینەوە."

لە بەشێکیتر لیدوانەکەشیدا کەمال حەسن وتی " ئاگاداری ئەوە نیم کە یەکگرتووو گۆڕان ڕەدیان کردبێتەوە، بەڵام ئێمە لێپێچینەوە لەو کارە ئەکەین، ئەوەش ئەزانین کە یەکێتیو پارتی بەرامبەر بەو ڕێژە کەمەی ئێمە ١٥٠٠٠ هەزار کەسیان بۆ خۆیان خانەنشین کردووە، بەڵام کە پرسیاریشمان لەسەر کردووە، وەڵامیان ئەوە بووە کە ئەم کارە یاساییو دەستووریە هیچ کێشەیەکی نیە."

لە کۆتاییشدا سەرکردەکەی کۆمەڵ ئاماژەیدا "ئەندامانو بەرپرسانی کۆمەڵی ئیسلامی ئامادەن وەک هەمیشە پەرێزی خۆیان پاک ڕابگرن، ئێمە پەیامی ئیسلاممان هەڵگرتووە کە فەرمانمان پێئەکات دژی گەندەڵی بین، ئێستا چۆن خۆمان ئەخەینە ئەو گەندەڵییەوە، ڕاستە ماڵو مناڵ بەخێو کردن واجبی سەشانمانە، بەڵام وەک خۆم ڕایدەگەینم کە ئامادەم حەماڵیو عەرەبانە ڕاکێشان بکەم بەڵام نزیکی کاری نایاساییو گەندەڵی نەکەومەوە."